المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
ص:18-33
المجلد (9) – العدد (2)، كانون الأول 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

# ڕۆڵی فەرهەنگی ئەلیکترۆنی لە بواری وەرگێران و فێربوونی زماندا

سۆزان سەعدوڵلا عەبدولغەنی[1]، هاوکار فەتاح حەیدەر[2]

[1,2]بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی چەرموو، سلێمانی، عێراق

Email: suzan.saadulla@chu.ed.iq[1] ,hawkar.fatah@chu.edu.iq [2]

**پوختە:**

لە سەردەمی نوێدا زمانە جیهانییەکان زۆر گرنگیدەدەن بەو توێژینەوانەی، کە پەیوەستن بە فەرهەنگسازییەوە ، بەتایبەت لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا و دەرکەوتنی فەرهەنگە ئەلیکترۆنییەکان، کە بازدانێکی جۆری لە بوارەکانی وەرگێران و فێربوونی زمانی دروستکردووە. فەرهەنگی ئەلیکترۆنی بریتییە لە فەرهەنگێکی دیجیتاڵی، کە لەڕێگەی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکانەوە، وەکو کۆمپیوتەر، مۆبایلی زیرەک و تابلێت بەکاردەهێنرێت. تایبەتمەندی ئەم فەرهەنگانە گەنجینەکردنی وشەکان، واتاکان و پێناسەکانیان و گۆکردنیانە بە شێوەیەکی دیجیتاڵی، کە ڕێگە بە بەکارهێنەر دەدات بە خێرایی و ئاسانی زانیارییەکان بدۆزێتەوە. فەرهەنگەکان، بەتایبەت ئەوانەی ئەلیکترۆنین، هێڵی بەرگریی یەکەمن لە پاراستنی ڕەسەنایەتی وشە و میراتی زمانی مرۆڤایەتی لە سەردەمی گۆڕانکارییە خێراکان و جیهانگیریی ڕۆشنبیری. لە ڕێگەی تۆمارکردنی وشەکان، ڕوونکردنەوەی واتاکانیان و پەیوەستکردنیان بە دەوروبەری کلتووری و مێژووییەوە، فەرهەنگەکان بەشداری لە بەردەوامی میراتی زمانی و گواستنەوەی بۆ نەوەکان پارێزگاری لە ناسنامەی کلتووریی دەکەن.

ئەم توێژینەوەیە باس لە فەرهەنگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان و ڕۆڵیان لە بوارەکانی وەرگێران و فێربوونی زمان دەکات. گرنگی ئەم توێژینەوەیە، ئاشکرکردنی ڕادەی گرنگی بەکارهێنانی فەرهەنگە ئەلیکترۆنییەکانە بەراورد بە فەرهەنگە کلاسیکییە چاپکراوەکان و کاریگەرییەکانی ئەم گۆڕانکارییە لەسەر زمانی کوردی، هەروەها ڕادەی کاریگەری فەرهەنگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان و سوودیان بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی پرۆسەی وەرگێران و فێربوونی زمانی دووەم. ئەو توێژینەوانەی، کە لەبواری فەرهەنگی ئەلیکترۆنی نووسراون زۆر کەم و سنووردارن، سەرەڕای گرنگیی و زیادبوونی لە سایەی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیایی خێرایی، بۆیە ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ پڕکردنەوەی کەلێنێکی تر لەم بوارەدا.

**کلیلە وشە:** فەرهەنگە نووسراوەکان، فەرهەنگە ئەلیکترۆنییەکان، وەرگێرانی ئەلیکترۆنی، فێربوونی زمان، دوو زمانی.

**الملخص:**

تكتسب الدراسات المعجمية اهمية متزايدة في العصر الحديث ، خاصة مع التطور التكنلوجي و ظهور المعاجم الالكترونية التي احدثت نقلة نوعية في مجالي الترجمة و تعلم اللغات . المعجم الإلكتروني هو قاموس رقمي يُستخدم عبر الأجهزة الإلكترونية مثل الحواسيب والهواتف الذكية والأجهزة اللوحية. يتميز بتخزين المفردات ومعانيها وتعريفاتها ونطقها بصيغة رقمية، مما يتيح للمستخدم البحث عن المعلومات بسرعة وسهولة، تمثل المعاجم، وخاصة الإلكترونية منها، خط الدفاع الأول في الحفاظ على الأصالة اللفظية والتراث اللغوي الإنساني في عصر التحولات السريعة والعولمة الثقافية. من خلال توثيق المفردات وشرح دلالاتها وربطها بسياقاتها الثقافية والتاريخية، تسهم المعاجم في ضمان استمرارية التراث اللغوي وانتقاله عبر الأجيال، محافظة على الهوية الثقافية للشعوب. يتناول هذا البحث موضوع المعاجم الإلكترونية الكردية ودورها في مجالي الترجمة وتعلم اللغة. حيث تكمن أهمية اللبحث في استكشاف التحول من المعاجم التقليدية المطبوعة إلى المعاجم الإلكترونية التفاعلية، وانعكاسات هذا التحول على اللغة الكردية و مدى فاعلية المعاجم الإلكترونية الكردية الحالية في تلبية احتياجات المترجمين والمتعلمين ، بالاضافة الى ان هذا البحث يسعى إلى سد فجوة في مجال اللسانيات الحاسوبية، حيث لا تزال الدراسات في هذا المجال محدودة رغم أهميتها المتزايدة في ظل التطور التكنولوجي المتسارع.

**الكلمات المفتاحية:** المعاجم المطبوعة، المعاجم الألكترونية، الترجمة الألكترونية، تعلم اللغة، ثنائية اللغة.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.2

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**Abstract:**

In the modern era, global languages emphasize on researches related to lexicography, especially with technological development and the emergence of electronic dictionaries, which have created a qualitative leap in the fields of translation and language learning. Electronic dictionaries are digital lexicons accessed through electronic devices such as computers, smartphones, and tablets. The characteristics of these dictionaries are digital storage of the words, their meanings, their definitions, and their pronunciations. That helps users to find the information about the words quickly and easily. Dictionaries, particularly electronic ones, serve as the first line of defense in preserving the authenticity of words and heritage of human language in the era of rapid changes and cultural globalization. Through recording words, clarifying their meanings, and connecting them to cultural and historical contexts, dictionaries contribute to the continuity of language heritage, its transmission to future generations, and preserving the cultural identity.

This research examines the Kurdish electronic dictionaries and their role in translation and language learning. The significance of this study lies in revealing the significance of using electronic dictionaries compared to traditional printed dictionaries and the effects of this transformation on the Kurdish language. So, the research also explores the impact of Kurdish electronic dictionaries and their benefits in fulfilling the requirements of the translation process and second language acquisition. Studies in the field of electronic lexicography are very limited despite their importance and increasing relevance in the context of rapid technological development. Therefore, this research is an attempt to fill another gap in this field.

**Keywords**: printed dictionaries, Electronic dictionaries, Electronic translation, Language learning, Bilingualism.

**پێشەکی**

ئەمڕۆ زمانی کوردی بە قۆناغێکی گەورەی گەشەسەندن و خزمەتکردندا تێدەپەڕێت، ئامرازێکی گرنگی پەروەردە و فێرکردنە، زمانی کارگێڕی و سیاسەت و زمانی دادگا و یاسادانان و بوارەکانی تر، پێشکەوتنە خێراکانی زانست وەك، (زیادبوونی بەرهەم) هەمیشە پێویستیان بە پەیدابوون و هاتنەکایەی داتا و فەرهەنگی نوێ هەیە، فەرهەنگی ئەلیکترۆنیش وەکو پێداویستییەکی سەردەم توانیوێتی جێگەی خۆی لەم نێوەندەدا بکاتەوە، هەر لەم چوارچێوەیەدا، ئەم فەرهەنگە ئەلیکترۆنییانە وەک هەنگاوێکی گرنگ بۆ خزمەتکردنی زمانی کوردی و بۆ پاراستن و گەشەپێدانی زمانەکەمان پەیدابوون.

**ناونیشان و بواری توێژینەوەکە**

توێژینەوەکە لە بواری فەرهەنگسازیدایە. بەناونیشانی (**ڕۆڵی فەرهەنگی ئەلیکترۆنی لە بواری وەرگێڕان و فێربوونی زماندا**).

**هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە**

بەکارهێنەرانی فەرهەنگی ئەلیکترۆنی ڕوو لە زیادبوونە، بۆیە جێگەی فەرهەنگی نووسراوی گرتووەتەوە و خوێنەر و بەکارهێنەری فەرهەنگەکان زیاتر گرنگی پێدەدەن.ئەم گرنگییانە بوونەتە هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە.

**سنوور و کەرەستەی توێژینەوەکە**

سنووری توێژینەوەکە لەچوارچێوەی دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدایە، هاوکات ئەو فەرهەنگە ئەلیکترۆنییانە دەگرێتەوە، کە لەنێو زمانی کوردیدا بوونیان هەیە.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.2
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**ئامانج و گرنگی توێژینەوەکە**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدانێکە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و دەرخستنی ڕۆڵی فەرهەنگە ئەلیکترۆنییەکان لە بواری وەرگێڕان و فێربوونی زماندا. پەسنکردنی فەرهەنگی ئەلیکترۆنی و خستنەڕووی جۆر و خەسڵەت و گرنگی فەرهەنگە ئەلیکترۆنییەکان، کە تا چ ڕادەیەك سوودی لێبینراوە بۆ پاراستنی زمان و وەرگێڕان و فێربوونی زمانی دووەم.

**ڕێبازی توێژینەوەکە**

لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی(پەسنی-شیکاری) بەکاردەهێنین، ڕێبازی پەسنی پەیڕەودەکرێت بۆ ناساندنی فەرهەنگ بەشێوەیەکی تیۆری، ڕێبازی شیکاری بۆ وەرگرتنی زانیاری و شیکارکردنی خەسڵەتی فەرهەنگە ئەلیکترۆنییەکان.

**ناوەڕۆکی توێژینەوەکە**

ناوەڕۆکی توێژینەوەکە جگە لە پوختە و ئەنجام لە دووبەش پێکهاتووە:

بەشی یەکەمی توێژینەوەکە باس لە خستنەڕووی فەرهەنگ، وەك بنەمایەکی گرنگی وەرگێڕان و فێربوونی زمان. لەم بەشەدا باس لە ناساندنی فەرهەنگ و جۆرەکانی، پاشان خەسڵەت و سوود و کەموکورتی و جیاوازییەکانی دەکرێت، پاشان لە بەشی دووەمی توێژینەوەکەدا باس لە فەرهەنگی ئەلیکترۆنی لە پرۆسەی وەرگێڕاندا دەکات، بەتایبەتی وەرگێڕانی ئامێری و گرفتەکانی، هەروەها خستنەڕووی گرنگی فەرهەنگی ئەلیکترۆنی لە پرۆسەی فێربوونی زمانی دووەمدا، ئایا تا چ ڕادەیەك سوودی لێبینراوە.

**1) ناساندنی فەرهەنگ، جۆر و تایبەتمەندی**

**1/1) فەرهەنگ**

نووسەران فەرهەنگی جۆراوجۆریان پۆلێنکردووە، کە هەر فەرهەنگە و بە جۆرێك تایبەتمەندی خۆی هەیە، بوونی چەندین فەرهەنگی جۆراوجۆر، لە ڕووی شێوە و بابەت و قەبارە و زمان و وێنەداری و تۆمارکراوی لە نێو بەکارهێنەرانیدا بوونی هەبێت، لەم لێکۆڵینەوەیەدا لەسەر بنەمایەکی گشتی فەرهەنگ دەکرێت بە دووجۆر:(فەرهەنگی ئاوەزی، فەرهەنگی نووسراو)، کە فەرهەنگی ئەلیکترۆنیش جۆرێکە لە جۆرەکانی فەرهەنگی نووسراو.

بەگشتی فەرهەنگی نووسراو پێناسەی زۆری بۆکراوە، لەوانە: "فەرهەنگ تۆمارگەیەکە بۆ کۆکردنەوەی وشەکانی زمان و ڕێکخستنیان بەپێی پێرەوێکی تایبەتی و پاراستنیان لە فەوتان و لەناوچوون"(سۆزان سەعدوڵڵا،2019، 30). فەرهەنگ کانگای بەدەستهێنانی زانیارییە و بەتایبەتی زانیاری لەبارەی وشە و هۆکارێکە بۆ تۆمارکردنی زانیاری سەبارەت بە زمانی میللەت و نەتەوەیەک، هەروەها فەرهەنگ مەبەستی سەرەکی ئەوەیە، واتا و مەبەستی وشە و ڕستەکانی، کە زمانیان لێپێکهاتووە ڕوونبکرێنەوە."فەرهەنگی زمان تێکڕای کەرەستە و وشەکانیەتی بە نووسراو و نەنووسراو و تۆمارکراو و دەماودەم گوتراو و نەگوتراو ماو و لەناوچوو، مردوو، تایبەت و گشتی، لەگەڵ سست و چالاک"(عوسمان کەریم،2014، 3).

وشە و ڕستەکانی زمان بە واتاکانیانەوە لەناو فەرهەنگدا تۆمارکراون.(فەرهەنگ بریتییە لە کتێبێك، کە زۆرترین ژمارەی وشە لەخۆدەگرێت، لەگەڵ ڕوونکردنەوە و لێکدانەوەی واتاکانیان، بەمەرجێك ئەم کەرەستانە بەشێوەیەکی تایبەت ڕێکبخرێن و ڕیزبەندی بکرێن بەپێی ئەلفبێ، یان بەپێی بابەتەکان)(رادية حجبار،2014، 9).کەواتە فەرهەنگ هەموو وشەیەکی نێو زمانەکە لەخۆدەگرێت، لەگەڵ ڕوونکردنەوەی واتا و شێوازی دەربڕین.

کەواتە فەرهەنگ تۆمارێکە، یان گەنجینەیەکە، کە هەموو زانیارییە زمانییەکانی تێدا تۆمارکراوە، واتە لەناو فەرهەنگدا باسی چۆنیەتی دروستبوونی وشە دەکات و واتا جیاوازەکانی، هاوواتا و دژواتا و فرەواتاکانی تێیدا تۆمارکراون، فەرهەنگ تایبەت نییە بە نەتەوەیەک، بەڵکو هەموو نەتەوەیەک فەرهەنگی تایبەت بە خۆی هەیە، کە تایبەتە بەزمانەکەی بۆ زۆربەی بوارەکانی فەرهەنگ دادەنێت. بۆ نموونە: کۆمەڵناسی، ئەدەب، زمانەوانی،...تاد، کەواتە فەرهەنگ هۆکارێکی سەرەکی ناساندن و پاراستنی زمانە.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.2
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**(1-1/1) ناساندنی فەرهەنگی ئەلیکترۆنی**(Electronic dictionary)

فەرهەنگی ئەلیکترۆنی داتابەیسێکی ئامێریی تەکنیکییە بۆ یەکە زمانییەکان و ئەو زانیارییانەی، کە پەیوەندی پێیانەوە هەیە، لەوانە: چۆنیەتی درکاندنیان و لایەنی ڕێزمان، واتا، بەکارهێنانیان بە جۆرێک ئەو یەکە زمانییانە و زانیارییەکانیان بە سیستەمێکی دیاریکراو لە یادگەدا هەڵدەگیرێن، کە قەبارەیەکی گەورەی هەیە. فەرهەنگی ئەلیکترۆنی زانیاری لە هەموو ئاستەکانی زمانەوە لەبارەی وشەکان پێشکەش دەکات، تۆمارگەی گەورەی زانیارین."داتابەیسێکی ئۆتۆماتیکی و تەکنیکییە، کە تایبەتە بە یەکە زمانییەکان"(محمود قدوم،2023، 7).فەرهەنگی ئەلیکترۆنی ،فەرهەنگێکی کۆمپیوتەریی دەستکاریکراوی فەرهەنگی کاغەزییە، پێکدێت لە ژمارەیەکی زۆر لە نووسراوەکان، کە هەریەکەیان زانیاری لەخۆدەگرێت، کە دەتوانرێت لە دەوری کۆبکرێنەوە.(عبدالمجيد بن حمادو،2011، 289).

کەواتە فەرهەنگی ئەلیکترۆنی بریتییە لە ئامێرێك، یان سەکۆیەکی دیجیتاڵی، کە وشەکان، واتاکانیان و زانیارییەکانی پەیوەندیدار بە شێوەیەکی ئەلیکترۆنیی پێشکەش دەکات. بە پێچەوانەی فەرهەنگە نووسراوە کلاسیکییەکان، فەرهەنگێکە دەتوانرێت لە ڕێگەی موبایلی زیرەك یان کۆمپیوتەر یان ئامێری جۆراوجۆر بە شێوەی ئۆنلاین، یان ئۆفلاین بەدەست بگات.

هەندێك لە نووسەرانی کۆمەڵگەی ئەورووپی و کۆمەڵگەی عەرەبی و کۆمەڵگاکانی تر هەڵوێستیان سەبارەت بە فەرهەنگە ئەلیکترۆنییەکان لە یەکەوە نزیکە و بۆچوونەکان ڕووەو یەك ئاراستەیە و پێیانوایە، فەرهەنگی ئەلیکترۆنی داتابەیسێکی ئۆتۆماتیکی و ئەلیکترۆنییەو بەشێوەی بەرنامەی ئەلیکترۆنی بە دەست دەهێنرێت بە پێچەوانەی فەرهەنگی نووسراو، کە لەسەر کاغەز یان پەرتوك بەدەست دەهێنرێت.

نووسەران بیروڕایانوایە، کە داتایەکی ئۆتۆماتیکی و ئەلیکترۆنییە. کەواتە دەتوانرێت بوترێت فەرهەنگی ئەلیکترۆنی بریتییە لەو فەرهەنگەی لە ڕێگەی ئامێر، یان ئامرازێکەوە بە شێوەی ئۆنلاین، یان ئۆفلاین لە ڕێگەی تۆڕی ئینتەرنێتەوە، یان بەبێ بەکارهێنانی ئینتەرنێت دەخرێتەڕوو بە شێوەی سیدی ڕووم، یان بە شێوەی ئەپلیکەیشنی نێو موبایلە زیرەکەکان، یان بە شێوازی جۆراوجۆر سوودی لێ وەردەگیرێت و کۆمەڵێك زانیاری و سوودی بێهاوتا لەخۆدەگرێت، لەچاو فەرهەنگی نووسراودا مێژوویەکی تازەی هەیە، چونکە هەندێك لەمجۆرەی فەرهەنگ سەرەتای داگرتنی بۆ نێو موبایل یان هەرئامێرێکی تر پێویستی بە تۆڕی ئینتەرنێتە بۆ چالاککردنی.

مێژووی سەرهەڵدانی فەرهەنگی ئەلیکترۆنی، دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی پەنجاکان و سەرەتای شەستەکان، کاتێک لەژێر ناوی فەرهەنگی (حیساباتی کۆمپیوتەر) دەرکەوت، فەرهەنگە ئەلیکترۆنییەکانی ئەو سەردەمە لەبری فەرهەنگی ئەلیکترۆنی پێیاندەگوترا (فەرهەنگی خوێندنەوەی ئامێری) ئەو سەردەمە فەرهەنگی ئەلیکترۆنی سنووردداربوو بە بەکارهێنانی کۆمپیوتەر لە دروستکردنی فەرهەنگدا و ڕۆڵی کۆمپیوتەر گرنگ بوو. لەکاتی ڕاپۆرتەکانی (هارودۆنگ) لەساڵی 1966 لەسەر یەکێک لە یەکەم فەرهەنگەکانی دروستکراوی کۆمپیوتەر، فەرهەنگی (ماڵی هەرەوەزی) زمانی ئینگلیزی لە چاپی یەکەمیدا، دەڵێت:(ئێمە لەساڵانی پێشوودا ئاگاداری پەرەسەندنی تەکنەلۆژیای کۆمپیوتەر بووین، بە بەکارهێنەری کۆمپیوتەربووین بۆ ڕیزکردن و کۆکردنەوە و ڕێکخستنەوە و وردبینی داتا و دەقی هەبوو، کە دەبێت بنووسرێت)(مليكة مهرهرة،2023، 207).

کەواتە بەپێی زۆربەی سەرچاوەکان گرنگیدان بە فەرهەنگی ئەلیکترۆنی لە ناوەڕاستی سەدەی ڕابردووەوە دەستپێیکرد، لە سەرەتادا بەکارهێنانی ئەم فەرهەنگانە بە شێوەیەکی سادە و ساکار بووە، دواتر لەگەڵ پێشکەوتنەکانی سەردەمدا جۆر و شێوە و زانیارییەکانیان فراوانتربوون.

**(2-1/1) جۆرەکانی فەرهەنگی ئەلیکترۆنی**

فەرهەنگی ئەلیکترۆنی بە هەمان شێوەی فەرهەنگی نووسراو چەندین جۆری هەیە، چەندین پێوەر دانراون بۆ پۆلکردنی فەرهەنگە ئەلیکترۆنییەکان، هەندێك لەو دابەشکردنانە دەخرێنەڕوو. فەرهەنگی ئەلیکترۆنی لەم جۆرە جیاوازانە پێکهاتووە:

**1-بە پێی شێوازی کارکردن**

أ-فەرهەنگی سەر سیدی: بریتییە لەو فەرهەنگەی، کە لەسەر (سیدی) هەڵدەگیرێت، لە پلاستیک دروستکراوە، (لەسەر CD-ROM,DVD-ROM) هەڵگیراون، ڕەنگە لە نێو کۆمپیوتەری هەر بەکارهێنەرێك دابنرێت.( Hafiza, Adha,2022, 11). وەک فەرهەنگی زمانی (عەرەبی هاوچەرخ) لە نووسینی ئەحمەد موختار عومەر.(يسرى وعلان،2023، 18).

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.2

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ب-فەرهەنگی دابەزێنراو: لە ماڵپەڕەوە وەک ئەپڵیکەیشن: ئەپڵیکەیشنەکە، کە دەتوانرێت دابەزێنرێت و لەسەر مۆبایلە زیرەکەکان دابنرێت بۆ ئەوەی بەکارهێنەر بە ئاسانی وشە و واتاکان بە خێرایی و بە ئاسانی هەڵبژێرێت، ئەم فەرهەنگانە چەندین وشە و واتای تێدایە، نموونەی فەرهەنگەکانی دابەزێنراو وەک بەرنامەیەک لە ماڵپەڕی (https://play.google.com) دا دەبەزێنرێت.

پ-ماڵپەڕی فەرهەنگ: زۆر ماڵپەڕ هەن، ئاماژە بە فەرهەنگی جۆراوجۆر دەکەن، کە تایبەتمەندی گرنگیان هەیە، نموونەی جیاواز پێشکەش دەکەن بۆ ئەوەی زیاتر تێبگەین و سەرچاوەی زانیارییەکانیش دیاریدەکەن، یان ئەوەی بەراپرسیکردنی بۆچوونی جیاواز لەنێو توێژەران ناسراوە، وەک ماڵپەڕی (https://lexicon.alsharekh.org ) بەزۆری ئەم جۆرانەی فەرهەنگ لە زمانی عەرەبی و زمانەکانی تردا دەبینرێت.

**2-بە پێی میکانیزمی کارکردن**

أ-فەرهەنگی جێگیرکراوی سەرمێز
ب-فەرهەنگی کۆمپیوتەری مۆبایل
پ-فەرهەنگی مۆبایلی زیرەک یان تابلێت. (یسری وعلان،2023، 19).

**3-بە پێی شێوازی پەیوەندیکردن**

أ-فەرهەنگی ئۆنلاین: بریتییە لە فەرهەنگێک، کە بە ئینتەرنێتەوە بەستراوەتەوە، ئەم جۆرە فەرهەنگانە لە لایەن بەکارهێنەرەوە لە نێو گەڕانی گووگڵدا دەگەڕێت، بە بەکارهێنانی وێبی جیهانی.فەرهەنگی وەرگێڕانی گووگڵ، یەکێکە لە بەناوبانگترینەکان، هەرچەندە وەرگێڕانی لە سەداسەد نییە، بەڵام وەرگێڕانی بۆ هەموو زمانەکانی جیهان دەکات. ئەمجۆرەی فەرهەنگ لەم سەردەمەی ئێستادا زۆرترین بەکارهێنانیان هەیە.

ب-فەرهەنگی ئۆفلاین: ئەو فەرهەنگانەن، کە بە بێ هێڵی ئینتەرنێت کاردەکات و تایبەتمەندی گەڕان ئەنجام دەدەن بە بێ بەکارهێنانی گووگڵ بۆ گەڕانی تر، بە دابەزاندنی بەرنامەکان لەسەر ئامێرەکانی بەکارهێنەر.

**4-بە پێی ژمارەی زمانەکان**

أ-فەرهەنگی تاکزمان: فەرهەنگێکە، کە یەکزمان بەکاردەهێنێت، فەرهەنگی تاکزمان تەنها بە یەك زمان دەنووسرێت.وشەکە بە بەکارهێنانی هەمان زمان ڕوون دەکرێتەوە.(ایڤا لتیفە،نوری نوروال،2020، 233). فەرهەنگی تاکزمان وەک: کوردی، ئینگلیزی، فەرەنسی، ئەڵمانی و زمانەکانی تری ئەوروپی و ڕۆژهەڵاتی.....هتد.

ب-فەرهەنگی زمانی دووانەیی یان جووتزمانی: فەرهەنگی دووزمانە بە دووزمان دەنووسرێت وشەکانی لێکدەدرێتەوە. Hafiza, Adha,2022, 10). واتە پێچەوانەی فەرهەنگی زمانی نەتەوەیە، کە تەنیا بە زمانی دایکیی لێکدەدرێتەوە."فەرهەنگی دووزمانە، بە فەرهەنگی وەرگێڕان ناودەبرێت، کە وشەکانی زمانی بێگانە کۆدەکاتەوە بۆ ئەوەی ڕوونیان بکاتەوە، بە دانانی هاوتا لەپێش هەر وشەیەکی بێگانە لە مانای وشەکانی زمانی نەتەوەیی و دەربڕینەکانیان"(ایڤا لتیفە،نوری نوروال،2020، 233).

یان جۆرێکی تری فەرهەنگ دروستبکرێت، کە پێی دەوترێت فەرهەنگی جوتزاری، واتە وشەکانی دوو زار، یان شێوەزاری جیاوازی هەمان زمان بەرانبەر بەیەك لێکبدرێتەوە، بۆنموونە(هەورامی-کرمانجی ژووروو)، هەچەندە تا ئێستا ئەمجۆرەی فەرهەنگ لەناو زمانی کوردیدا نابینرێت، پێشبینی دەکرێت لە ئایندەدا دروستبکرێت.

پ-فەرهەنگی فرەزمان: ئەو فەرهەنگانەن، کە دووزمان یان زیاتر لەخۆدەگرێت.فەرهەنگە فرەزمانەکان وەرگێڕانی وشەکان بۆ زمانێکی بیانی دەکەن.(عبدو خیرة،2015، 14).وەک فەرهەنگەکان، کە یەک نووسراویان هەیە و مامەڵە لەگەڵ زیاتر لە زمانێکدا دەکەن، ئەم جۆرە فەرهەنگانە نزیکە لە وەشانی نوێکراوی فەرهەنگەکاندا، کە مامەڵە لەگەڵ مانای وشەیەکدا دەکەن لە سەرانسەری دوو یان سێ زماندا.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.2
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ص:18-33 المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (9) – العدد(2)، كانون الأول 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**5-بە پێی ناوەڕۆک**

أ-فەرهەنگی گشتی: فەرهەنگە گشتییەکان پەیوەندییان بە وشەی زمانی گشتی باو، یان زمانی نیشتمانی ستانداردەوە هەیە لەئاستی بەکارهێنانی گشتیدا، لەگەڵ ڕوونکردنەوەی بەرچاوی وشەسازیی. کەواتە کۆی وشەی گشتی زمانەکە دەگرێتەوە.

ب-فەرهەنگی تایبەت: ئەو وشانەی تێدایە، کە تایبەتە بە زانست یان بابەتێکی تایبەتیی، وەك فەرهەنگی بیرکاری، فەرهەنگی پزیشکی.(فەرهەنگی تایبەت پەیوەندی بەجۆرێکی تایبەتی زمانەوە هەیە لە نێوانیاندا فەرهەنگی هاوواتا، دژواتا...هتد.)(یسری وعلان،2023، 22). فەرهەنگی تایبەتمەند، کە وشەسازی تێدایە، بۆ زانستێک یان هونەرێک بەکاردێت: فەرهەنگی بیرکاری، فەرهەنگی پزیشکی، فەرهەنگی ئابووری، فەرهەنگی کۆمپیوتەر، فەرهەنگی ناوە تایبەتەکان.(عبدو خيرة،2015، 14).

پ-فەرهەنگی بینراو: بریتییە لەو فەرهەنگەی، کە کۆمەڵێک وێنە و ڤیدیۆی تێدایە، بەپێی ئەو بابەتانەی باسیان دەکەن،(بینا، ئاژەڵ، یاری، ئامرازەکانی گواستنەوە...هتد).(عبدو خيرة،2015، 14). بۆیە پێشکەشکردنی زانیاری لە فەرهەنگە ئەلیکترۆنیەکاندا پێویستی بە ڕێکخستنێکی باش و گونجاو هەیە.

بەگشتی ئەوەی خرایەڕوو جۆرەکانی فەرهەنگی ئەلیکترۆنین، کە لەنێو هەندێك لە زمانە زیندووە جۆربەجۆرەکانی دنیا و زمانی کوردیدا بوونیان هەیە، بێگومان ئەم جۆرانە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، یان لە نووسەرێکەوە بۆ نووسەرێکی تر جیاوازی هەیە بەپێی پێویستی و بەکارهێنانیان لەلایەن بەکارهێنەرانەوە.

**3-1/1) تایبەتمەندییەکانی فەرهەنگی ئەلیکترۆنی**

فەرهەنگی ئەلیکترۆنی هاوشێوەی فەرهەنگی نووسراو چەندین تایبەتمەندی گرنگی هەیە، کە خزمەتێکی گەورە بە بەکارهێنەرانی دەکات. هەریەك لەو تایبەتمەندییانەش لە سەرچاوەکاندا ئاماژەیان پێکراوە:

1-خێرایی گەڕان: فەرهەنگی ئەلیکترۆنی بەکارهێنانی ئاسانە و چەندین ڕێگەی گەڕان و گەڕانی سادە و گەڕانی پێشکەوتووی هەیە، لەگەڵ خێرایی لە گەیشتن بە وشەی دڵخواز. (أحمد موهوب،2022، 704). ئەم تایبەتمەندییە وایکردووە بەکارهێنەران زیاتر بەکاریبهێنن، چونکە زانیارییەکان بەشێوەیەکی خێرا دەگات بەدەستی بەکارهێنەر و بەئاسانی و بەکەمترین گەڕان ئامانج بەدەست دەهێنرێت.

2-لەڕووی کێشەوە: فەرهەنگی ئەلیکترۆنی هەڵگرتنی ئاسانە.لەهەرکات و شوێنێک دەتوانیت بەکاری بهێنیت، پێویستت بە هەڵگرتنی فەرهەنگی قورسی نووسراو نییە. فەرهەنگی ئەلیکترۆنی لەڕووی کێشەوە سوک و ئاسانە بۆ گواستنەوە، چونکە زۆرجار لەسەر تابلێتێکی دیجیتاڵی یان مۆبایل دادەنرێت......هتد. (أحمد موهوب،2022، 705).

3-وردبینی ڕێکخستن: هەندێك لە فەرهەنگەکان هەڵبژاردن پێشکەش بە بەکارهێنەر دەکەن، بەو پێیەی دەتوانێت لەگەڕانەکەیدا پشت بە ڕێکخستنی وشەکان ببەستێت بە پێی ڕەگەکانیان یان بەپێی بەشەکانی ئاخاوتن [کردار، ناو، بابەت، پێکهاتەیی....هتد]، یان بەپێی پسپۆڕییەکان [زمانناسی، پزیشکی، ئەندازیاری... هتد].(عبدو خيرة،2015، 22).

4-بەردەستی و ئاسانی بەکارهێنان: لەڕووی بەکارهێنانەوە: سەلمێنراوە، کە فەرهەنگی ئەلیکترۆنی بەکارهێنانی ئاسانترە، خێراترە بۆ دەست گەیشتن بە زاراوەیەکی دیاریکراو لە گەڕاندا.

5-نوێبوونەوەی بەردەوام: زۆر بە ئاسانی دەتوانرێت وشە و زانیاری نوێی بۆ فەرهەنگی ئەلیکترۆنی زیاد بکرێت، هەمیشە دەتوانێت لەگەڵ پێشکەوتنەکان نوێ بکرێتەوە. بەردەوام دەتوانرێت گۆڕانکاری و گەشەپێدانی تێدابکرێت.(فضيلة دقناتي،٢٠٢٢، ١٢٣).

6-فرەزمانی: دەتوانێت چەندین زمان لەخۆبگرێت، ئاسانکاری بۆ وەرگێران لەنێوان زمانە جیاوازەکاندا دەکات. ئەم جۆرەی فەرهەنگ لەنێو زمانی کوردیدا دەبینرێت وەك، فەرهەنگی (ڕێبین)، کە زیاتر لە هەشت زمان لەخۆدەگرێت،یان وەك فەرهەنگی سەردەم.

7-دەنگ و وێنە: دەتوانێت دەنگی گۆکردنی وشەکان لەخۆبگرێت، "وێنە و ڤیدیۆ بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری واتاکان دادەنرێن بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە فەرهەنگەکان"(محمد فهام،منى محمد،2021، 61).

8-لەڕووی کاراییەوە: فەرهەنگی ئەلیکترۆنی پانتای دیاریکراوی نییە، بۆت دەردەکەوێت، زانیارییەکانی تەنیا دەقی نییە، هەروەها وێنە و ڤیدیۆ و نەخشە و بەستەر و چەندین تایبەتمەندی تریشی تێدایە. (أحمد موهوب،2022، 704).واتە زانیارییەکان لە فەرهەنگی ئەلیکترۆنیدا تەنها واتای وشە و ڕستە نییە، بەڵکو ڕوونکردنەوە بە چەندین شێوەی تر زانیارییەکان دەگات بە بەکارهێنەر، بەشێوەی وێنە و ڤیدیۆ....هتد، کە لە هەندێك لە فەرهەنگە ئەلیکترۆنییەکاندا بەکاردێت.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.2
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (9) – العدد (2)، كانون الأول 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

9-لەڕووی سنووردارکردنەوە: فەرهەنگی ئەلیکترۆنی، زانیارییەکانی بێسنوور و بەرفراوانن، لە بنەڕەتدا هیچ سنوورێک بۆ قەبارەیان دانەنراوە.

### 4-1/1) بەراوردکردنی فەرهەنگی ئەلیکترۆنی و فەرهەنگی نووسراو

فەرهەنگی ئەلیکترۆنی و فەرهەنگی نووسراو لەوەدا هاوبەشن، کە هەردووکیان ئامانجیان پێدانی زانیارییە بەخوێنەر و بەکارهێنەران، بەتایبەتی زانیاری زمانیی، لەگەڵ ئەوەشدا هەریەکەیان خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی، کە جیایدەکاتەوە لەویتریان،(لێکۆڵینەوەکان دەریدەخەن، کە فەرهەنگی ئەلیکترۆنی لە ڕووی کارایییەوە لە فەرهەنگی نووسراو باشترە)(2022,3, Khusainova Zilola). گرنگترین ئەو جیاوازییانەی، کە لە نێوان ئەم دووجۆرەی فەرهەنگدا دیاری کراون ئەمانەن، کە لەخوارەوە ئاماژەیان پێکراوە:

1.(باشییەکانی فەرهەنگی ئەلیکترۆنی بریتین لە خێرایی زیاتر)(Hafiza Adha,2022,79). فەرهەنگی ئەلیکترۆنی خێراتر و بەئاسانتر زانیارییەکان بەدەستەوە دەدات، وەک لە فەرهەنگی نووسراو. شێوازی گەڕان لە فەرهەنگی نووسراودا سنووردارە، بەڵام لە فەرهەنگی ئەلیکترۆنیدا فراوانە و شێوازی پێشکەوتووتریان تێدا بەکارهاتووە. بەکارهێنەر دەتوانێت بە دوای وشە، یاخود بە دوای پیتدا بگەڕێت و ئەو مەبەستەی هەیەتی بەدەستی بهێنێت

2.توانای نوێبوونەوەی ڕۆژانە. پرۆسەی نوێکردنەوەی داتای فەرهەنگی نووسراو کاتێکی زۆری دەوێت و تێچووی زۆری دەوێت. ئەگەر هەڵە، کەموکوڕی لە داتاکان، یان گۆڕانکاری لە فۆرماتدا هەبێت، هەموو ئەمانە ئەستەمە بۆ فەرهەنگی نووسراو جێبەجێ بکرێت."ئەمە لە فەرهەنگی ئەلیکترۆنیدا نییە، کە تێیدا ئەگەر ناوەڕۆکی فەرهەنگی ئەلیکترۆنی نوێ بکرێتەوە، دەتوانرێت بەخێرایی و کارا ئەم کارە بکرێت"(روفية زارزي،2023، 644).

3.فەرهەنگی ئەلیکترۆنی چەند بەکارهێنانێکی زمانیی گرنگی تێدایە، کە بەکارهێنەر دەتوانێت سوودی لێ ببینێت، وەک: لکاندنی کردار و ناوەکان، گەڕان بەدوای هاوواتاکان، پرۆسێسکردن لە ئاستی فۆنێتیکدا بۆ گۆڕینی نووسراو بۆ قسەکردن، وردبینی ڕێنووسی بۆ ڕاستکردنەوەی وشە داخڵکراوەکان. ئەمانە ئەو تایبەتمەندیانەن، کە لە فەرهەنگی نووسراودا بەردەست نین. (عبدالمجيد بن حمادو،2011، 287).

4.لەڕووی قەبارەوە، فەرهەنگی نووسراو قەبارەی گەورەیە و هەڵگرتنی قورسە. بەپێچەوانەوە فەرهەنگی ئەلیکترۆنی هەڵگرتنی ئاسانە. (Hafiza Adha,2022,41). مرۆڤ سروشتی وایە هەمیشە ئارەزووی بەکارهێنانی کاری سوکتر و ماندووبوونی کەمتر دەکات.

5.فەرهەنگە ئەلیکترۆنییەکان هەندێکیان بە خۆڕایی لە ئینتەرنێت بەردەستن و ئاسانە بۆ دابەزاندن لەسەر مۆبایلە زیرەکەکان و تابلێتەکان و کۆمپیوتەرەکان.(مليكة مهرهرة،2023، 208).بەپێچەوانەوە فەرهەنگی نووسراو بە پارە دەکڕدرێن و پێویستییان بە تێچووی دارایی هەیە.

6.فەرهەنگی ئەلیکترۆنی دەنگی تۆمارکراویان تێدایە، کە دەتوانین گوێ لەدەنگەکان بگرین، هەروەها شێوازی خوێندنەوەیان تێدایە، بەڵام فەرهەنگی نووسراو دەنگی تۆمارکراویان تێدا نییە، هەندێکجاریش شێوازی خوێندنەوەی تێدایە، بەڵام کەمترە وەک لە فەرهەنگی ئەلیکترۆنی.

7.لەڕووی مێژوویییەوە فەرهەنگی نووسراو مێژووەکەی کۆنترە بە بەراورد بە فەرهەنگی ئەلیکترۆنی، کە مێژوویەکی تازەی هەیە و پەیوەستە بە تۆڕی ئینتەرنێتەوە.

8.فەرهەنگی نووسراو زۆرجار دانەرەکەیان دیارە و تاکە کەسییە، بەڵام فەرهەنگی ئەلیکترۆنی هەندێکجار لە لایەن گروپێك یان دەستگایەکەوە دادەنرێت.

9.فەرهەنگی نووسراو ناتوانێت چەندین زمان لە یەک فەرهەنگدا لەخۆبگرێت، بەپێچەوانەی فەرهەنگی ئەلیکترۆنی لەسەر بنەمای دیجیتاڵی، دەتوانرێت بەرنامەی فەرهەنگی ئەلیکترۆنی بە شێوەیەک دروست بکرێت، کە چەندین زمانی تێدابێت، وەک وەرگێڕانی گووگڵ، کە زیاتر لە ٨٠ زمانی تێدایە.

10.(یەکێک لە جیاوازییە زۆر ئاشکراکانی نێوان ئەو دوو جۆرەی فەرهەنگ توانای کۆگاکردنە)(شنه أبوبكر،2023، 13) بەو واتایەی فەرهەنگی نووسراو پانتاییەکی سنوورداری هەیە بۆ کۆگاکردنی وشەکان، لە کاتێکدا فەرهەنگی ئەلیکترۆنی پانتاییەکی فراوانتری بۆ کۆگاکردنی وشەکان هەیە. کەواتە توانای هەڵگرتنی زانیاری لە فەرهەنگی ئەلیکترۆنیدا فراوانە، بە پێچەوانەی هەندێك لە فەرهەنگە نووسراوەکان، کە توانایەکی سنوورداریان هەیە.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.2
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

11.فەرهەنگی نووسراو لە کەرەستەی کاغەز و هاوشێوەکانی دروستکراوە، کە دۆستی ژینگە نین. کەرەستەی دروستکردن و بەرهەمهێنانی دار،یان هەرمادەیەکی ترە، بە پێچەوانەی فەرهەنگی ئەلیکترۆنی لەسەر بنەمای نەرمەکاڵا، کە دەتوانرێت لەسەر هەموو ئامێرەکانی وەک کۆمپیوتەر و مۆبایل لە هەرکاتێکدا و لە هەرشوێنێکدا دەستیان پێبگات.

**5-1/1) کەموکورییەکانی فەرهەنگی ئەلیکترۆنی**

فەرهەنگی ئەلیکترۆنی سەرەڕای ئەوەی، کە سوودێکی زۆری هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێك کەموکوڕی و لایەنی خراپەی هەیە، شارەزایانی بوارەکە پێیانوایە ئەم تایبەتمەندییانەی، کە دیاریکراون بە لایەنی نەرێنی فەرهەنگە ئەلیکترۆنییەکان دادەنرێن، هەریەك لەو کەموکورییانەش بریتین لە:

1-یەکێک لە کەموکوڕییە سەرەکییەکانی فەرهەنگی ئەلیکترۆنی نەبوونی متمانەیە، چونکە پەیوەستە بە تۆڕی ئەلیکترۆنییەوە و هیچ گەرەنتییەك نییە پارێزراوبێت لە ڕووی(Hack)باندکردن، ئەم کارەش لەلایەن کۆمەڵێك کەس یان گروپێکی تایبەتییەوە ئەنجام دەدرێت.
2-زۆر بەکارهێنانی کۆمپیوتەر و موبایل.....هتد، کاریگەری لەسەر مێشك هەیە و زیان بەچاو دەگەیەنێت.
3-بەکارهێنەری فەرهەنگی ئەلیکترۆنی پێویستییەکی زۆری بە ئامرازەکانی پەیوەندیکردن هەیە، بۆیە فەرهەنگی ئەلیکترۆنی سەربەخۆ نییە. هەموو کەسێك دەستی پێناگات، چونکە بەستراوەتەوە بە کۆمپیوتەر و ئامێرە زیرەکەکانەوە.
4-پێویستی بە خەرجی و تێچووی دارایی هەیە.(میمونە سمسوری،سیتی أسیا،2023، 42). هەندێك لە فەرهەنگە ئەلیکترۆنییەکان پێویستیان بە کڕین و پارەدان هەیە، ئەمەش جۆرێك لە بارگرانی و ئەرك بۆ بەکارهێنەر دروستدەکات، دەتوانرێت وەکو کەموکوڕی لەو جۆرە فەرهەنگانەدا دەستنیشانبکرێت.
5-پێویستی بە کارامەیی تایبەت هەیە، کە بۆ زۆرێك لەبەکارهێنەرانی بەردەست نییە.(دریسی شیماء،عیشور خدیجە،2023، 31). پێویستە بەکارهێنەر شارەزاییەکی باشی لە بەکارهێنانی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکاندا هەبێت، بەتایبەت ئەو ئامێرانەی، کە پەیوەستن بە بەکارهێنانی فەرهەنگە ئەلیکترۆنییەکانەوە.
6-لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە دەبێتە هۆی دابڕانی تاك لە کۆمەڵگادا و پەیوەستبوون بەشاشە و بەرنامە ئەلیکترۆنییەکان، (لەدەستدانی توانای زانستی و پشت بەستن بە بەرنامە ئەلیکترۆنییەکان)(کویحل جمال،2018، 136).
7-یەکێکی تر لە کەموکوڕییەکانی هەندێك لەم جۆرە فەرهەنگانە بریتییە لە فەوتان و لەناوچوون، بەشێك لەم فەهەنگە ئەلیکترۆنییانە بەهۆی چەند هۆکارێکەوە نوێ ناکرێنەوە و لەناودەچن.
8-هەندێکجار هەندێك لە فەرهەنگە ئەلیکترۆنییەکان لەکاتی وەرگێڕاندا بە هەڵە وەرگێڕان دەکات بۆ زمانی مەبەست. (Hafiza, Adha,2022, 16) ، ئەمەش یەکێکە لەو کێشانەی، کە ڕووبەڕووی ئەمجۆرەی فەرهەنگ دەبێتەوە، کە دواتر لە گرفتەکانی وەرگێڕانی ئامێریدا بە وردی خراوەتەڕوو.

**2) گرنگی فەرهەنگی ئەلیکترۆنی لە پرۆسەی وەرگێڕان و فێربوونی زمانی دووەم**

**1/2)گرنگی فەرهەنگی ئەلیکترۆنی لە پرۆسەی وەرگێڕان**

وەرگێڕان بە یەکێک لە ئامرازەکانی بەرەوپێش چوونی گەلان دادەنرێت، لە هەموو بوارە جیاوازەکانی ژیان بووەتە هۆی سوود وەرگرتن لە ئەزموون و تاقیکردنەوە و چاوکراوەیی و شارەزایی زیاتر.

بۆیە دەتوانرێت بوترێت: بە شێوەیەکی گشتی وەرگێڕان ئەو پرۆسە و میتۆدانە لەخۆدەگرێت، کە بەهۆیانەوە دەقێك لە زمانی سەرچاوەوە (source language) وەردەگێڕێت بۆ زمانی ئامانج.(target language). (Ghazala, Hasan,2006,1).

(Nida) بەم جۆرە پێناسەی وەرگێڕان دەکات و پێیوایە: وەرگێڕان بریتییە لە دۆزینەوەی نزیکترین هاوتا بە ئەو زمانە، کە وەرگێڕانی پێدەکرێت، لەپێشدا لەبارەی واتا و پاشان لەبارەی داڕشتنی شێوازەوە، (پەروین عوسمان،2009، 18). بەگشتی وەرگێڕان بریتییە لە گواستنەوەی دەق لە زمانێکەوە (کە پێیدەوترێت زمانی سەرچاوە) بۆ زمانێکی دیکە (کە پێیدەوترێت زمانی ئامانج).(عبدالمجيد نصير،2018، 182).یان دەوترێت (وەرگێڕان یەکێکە لە هونەرە جوانەکان)(أبو جمال قطب الاسلام،2006، 185). بەلای نووسەرەوە وەرگێڕان هونەرە، بەڵام هەندێك لە نووسەرانی تر پێیانوایە زانستە.(وەرگێڕان واتە گۆڕینی دەقێک یان وتەیەک لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، بە شێوەیەک، کە واتا و مەبەستی سەرەکی پارێزراو بێت. وەرگێڕان هونەربێت یان زانست گرنگییەکی زۆری هەیە، چونکە لێکتێگەیشتن دێنێتە ئاراوە و ناڕوونی ناهێڵێت. بۆیە وەرگێڕان دەشێت لە نێوان دوو زماندابێت،

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.2
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

یان لە نیوان یەکزماندا بێت(ئاگرین شەوکەت،2016، 15) بەپێی زۆربەی سەرچاوەکان وەرگێران چەندین جۆر و شێوەی هەیە، ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە وردبوونەوە نییە لەو جۆر و شێوانەی وەرگێران، مەبەستی ئەم لێکۆڵینەوەیە تیشك خستنەسەر وەرگێرانی ئامێرییە، کە لە ڕێگەی ئامێر و فەرهەنگە ئەلیکترۆنییەکانەوە ئەنجام دەدرێت. بۆیە وەرگێران خۆی لەم خاڵانەدا دەبینێتەوە:

أ-وەرگێرانی نووسراو (وەک، دەق، کتێب، بەڵگەنامە).
ب-وەرگێرانی زارەکی (وەک لە کۆبوونەوە و کۆنفرانسەکان).
پ-وەرگێرانی ئەلیکترۆنی (بە بەکارهێنانی ئامێر).

گرنگی و ئامانجی سەرەکی وەرگێران یارمەتیدانی خەڵکە بۆ تێگەیشتن لەیەکتر، سەرەڕای جیاوازی زمانەکانیان، وەرگێران ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە پەیوەندی نێوان کلتوورەکان و گەشەپێدانی زانست و ئەدەبدا.وەرگێران پرۆسەی گواستنەوەی واتایە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە و لە وەرگێراندا.نە وشە ، نە دەنگ، نە شێواز وەرناگیرێت، بەڵکو پێویستە واتا (Meaning) وەربگیرێت.(محەمەدی مەحویی،٢٠١٠، ٤٢).بۆیە وەرگێران و گواستنەوەی وشە و زاراوە لە زمانێکی دیکەوە بۆ نێو زمانی کوردی بە واتاکەی نەک فۆرم و پێکهاتەکەی.

**وەرگێرانی ئامێریی**

بەهۆی ئەو پێشکەوتنانەی مرۆڤایەتی، کە لە هەموو بوارەکاندا بەدەستیهێناون و بووەتە هۆی کرانەوەی کلتوورەکان بەڕووی یەکتردا، دەرکەوتن و پەرەسەندنی ئامێرەکانی کۆمپیوتەریی لەم چەند دەیەیی ڕابردوودا، پاشان پەیدابوونی تۆڕەکانی پەیوەندی و ئینتەرنێت، وایانکردووە جیهان بە دێیەکی بچووک بچوێنرێت. پەیوەندی کلتوورەکان بە جۆرێک پەرەی سەندووە، کە وەرگێران بووەتە پێویستییەک و پەنجەرەی گفتوگۆی نێوانیان. گەشەسەندنی خێرای تەکنەلۆژیا و پەیدابوونی ئامێرەکانی کۆمپیوتەر و تابلێت و مۆبایل و بەستنەوەیان بە هێڵی ئینتەرنێتەوە هۆکارن، کە مرۆڤ بەردەوام بە دوای سەرچاوەی زانیارییەوە بێت.(دلێر قادر،2022، 11).

هەموو ئەمانە وایانکرد مرۆڤ هەوڵبدات لە کەمترین کاتدا، زانیاری لەسەرچاوەی جۆراوجۆر و زمانی جیاوازەوە بەدەست بهێنێت. ئەمەش هۆکاری سەرەکی بەکارهێنان و پەرەسەندنی وەرگێرانی ئامێرییە، بە تایبەتی ئێستا بەهۆی بڵاوی و زۆری و ئاسان دەستکەوتنی ئەو ئامێرانە و بەرنامە(application) ی خێرایی وەک (Google translate) و چەندانی تر.

(لەساڵی (١٩٥٢) یەکەم کۆنگرە لە بارەی وەرگێرانی ئامێرییەوە ئەنجامدرا، گەشبینییەکی زۆر لە وتەکانی (Bar Hillel) بەدیدەکرا، کە پێیوابوو وەک چۆن مرۆڤ دەتوانێت وەرگێران بکات، ئامێریش بە پەیڕەوکردنی بەرنامەیەکی تایبەت دەتوانێت ئەو کارە بکات، بەڵام لەدوای دوو ساڵ و لە وتارێکدا لە گۆڤاری (Mind) لەو گەشبینییەی خۆی کەمکردەوە و ڕایگەیاند ئەستەمە واتای دەقێک بئاخنرێتە نێو کۆمەڵێك دەقی بەدواییەکدا هاتوو، ئاماژەی بەوەدا، کە لێکۆڵینەوەکان بە ئاراستەیەکی ڕاستدا ڕۆیشتوون و جەختیکردووە، کە وەرگێرانی ئامێریی ئەستەمە بەبێ بوونی بانکێکی زانیاریی گەورە لە وشە، کە لایەنەکانی دەرەوەی زمانیش لەخۆبگرێت، چونکە وەرگێران پێویستی بە زانیاری دەرەوەی دەقیش هەیە)(عبدالنبی زاکر،2003، 15).

هۆکارێکی تری پەرەسەندنی وەرگێرانی ئامێریی، پەرەسەندنی ئابوورییە. بازاڕ و دۆزینەوە بۆ ئەو هەموو کاڵایەی بەرهەم دەهێنرێت، پێویستی بە ژمارەیەکی زۆر وەرگێڕ و خێرایی وەرگێران هەبوو، کە هاوشانی خێرایی بازاڕبێت و لەلایەک لەلایەکی ترەوە تێچوویەکی کەمی هەبێت. (عمرو محمد،2011، 897). واتە بگونجێت لەگەڵ لۆژیکی بازاڕدا، کە کات و خێرایی سامانن،(کەواتە ئەوەی خێراترە، باشترە)(عبدالنبی زاکر،2003، 13).

**گرنگی فەرهەنگی ئەلیکترۆنی لە پرۆسەی وەرگێرانی ئامێریدا**

فەرهەنگی ئەلیکترۆنی ڕۆڵی گەورە و گرنگ دەگێڕێت لەبواری وەرگێراندا، هەمان ئەرکی وەرگێڕ دەبینێت لەبواری وەرگێراندا، خێرایی زۆری ئەم وەرگێرانە و توانایان بۆ ئەنجامدانی وەرگێران لەنێوان چەندین زماندا بە هۆکاری سەرەکی پاشەکشەی فەرهەنگە نووسراوەکان دادەنرێت، مەبەستمان لەڕووی بەکارهێنانەوە لای زۆربەی خەڵک. لەبەرئەوە پێویستە ئەوە بزانین، کە فەرهەنگە نووسراوەکان ئەوانەی یەک زمانین یان دوو زمانین و زیاترن، کۆڵەکەی سەرەکی هەر وەرگێرانێکی مرۆیی و ئامێرین.(دلێر قادر،2022، 11).

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.2
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

لە سەردەمی تەکنەلۆژیادا، فەرهەنگی ئەلیکترۆنی بووەتە ئامرازێکی گرنگ بۆ فێربوون، وەرگێران و پاراستنی زمانەکان، بە تایبەتی بۆ زمانە کەمتر پشتگیریکراوەکان وەک زمانی کوردی. ئەم فەرهەنگانە دەرفەتی گەیشتن بە زانیارییەکی فراوانتر دەدەن و یارمەتیدەرن لە پەرەپێدانی پەیوەندییە کلتووری و زانستییەکان بە شێوەیەکی جیهانی.

لە زۆربەی توێژینەوەکاندا ئەوە سەلمێنراوە، کە فەرهەنگی ئەلیکترۆنی ڕۆڵێکی گرنگی لەبواری وەرگێراندا هەیە. ( Hafiza Adha). لە نامەی ماستەرەکەیدا ڕاپرسییەکی ئەنجامداوە لەنێو خوێندکاراندا و ئەوەی سەلماندووە، کە فەرهەنگی ئەلیکترۆنی توانایەکی باشی هەیە بۆ بواری وەرگێران و خوێندکاران پێیان وابووە، کە (فەرهەنگە ئەلیکترۆنییەکان یارمەتیدەرێکی گەورەی وەرگێرانن لە دۆزینەوەی واتای وشەکان)(Hafiza Adha,2022,37).

زۆربەی ئەو فەرهەنگ و پێگە ئەلیکترۆنییانەی، کە بەتۆڕی ئینتەرنێت کاردەکەن ڕۆڵێگی گرنگ دەبینن لەبواری وەرگێراندا، بۆ نموونە: پێگەی(Google Translate)، کە پێگەیەکی جیهانییە دەتوانێت وەرگێران بۆ زۆربەی زمانەکانی جیهان بکات.
(Google Translate) یەکێکە لە ناودارترین و گرنگترین ئامرازەکانی وەرگێران لەسەر ئینتەرنێت، کە لەلایەن کۆمپانیای گوگڵەوە داهێنراوە. ئەم پلاتفۆرمە بە شێوەیەکی بەرچاو گرنگی بە وەرگێرانی زمانەکان دەدات و خزمەتگوزارییەکی بەخۆڕایی پێشکەش دەکات.

پشتگیری زیاتر لە80 بۆ100 زمان دەکات ، وەرگێرانی خێرا و ئاسانە، بەردەستە لە کۆمپیوتەر، مۆبایل و ویبسایت، هەبوونی ئەپلیکەیشنی تایبەت، گوگڵ ترانسلەیت گرنگترین ئامرازی وەرگێرانی ئۆنلاینە بۆ زۆربەی خەڵک.بۆیە (Google Translate) وهەندێك لە فەرهەنگە ئەلیکترۆنییەکانیش تەنیا یارمەتیدەرن و ناتوانن جێگای وەرگێڕی شارەزا بگرنەوە. بۆ وەرگێرانی پیشەیی و هەستیار پێویستی بە پسپۆڕی مرۆیی هەیە.

**زمانی کوردی و وەرگێرانی ئامێریی**

لەسەردەمی تەکنەلۆژیدا، ئامێرە کۆمپیوتەرییەکان لە هەموو بوارەکان ژیانماندا زۆر پێویستن، زمانیش لە چێوەی زیرەکی دەستکرددا هاتۆتە نێو ئەم بوارەوە، زانیارییەکی زۆری زمانیی لە ئامێرە کۆمپیوتەرییەکان تۆمارکراون.(کۆمپیوتەر لەسەر بنەمای ژمارە و کۆد و خشتەکانە، واتە لەسەر بنەمای(٠)و(١)لەوانە تێدەکات، بۆیە زانیارییە زمانییەکانیش لەو ڕێگەیەوە تێدەکرێن و وەردەگێرێتەوە. وەرگێرانی ئامێرییش هەر لەم بوارەوە سەرچاوەی گرتووە.(دلێر قادر،2022، 13).

تەکنەلۆژیا و زانستی کۆمپیوتەر بە خێرایی گەشەیانکردووە و چوونەتە زۆربەی بوارەکانی ژیانی مرۆڤ، ئەم پێشکەوتنانەش کاریگەرییان لەسەر زمانەکان هەیە، زمانی کوردیش پێویستی بە پلان و ڕێکخستنێکە بۆ خۆگونجاندن و دەستگەیشتن بەو هەموو زانست و زانیارییانەی نێو دنیای دەرەوەی زمان. خاڵی سەرەکی گەشەکردن و فراوانبوونی بەکارهێنانی وەرگێرانی ئامێریش بەشێکە لەم شەپۆلە گەورەیەی زانست و تەکنەلۆژیا. هەروەها وەرگێڕی مرۆیی وەک چەندایەتی توانای گواستنەوەی ئەو ڕێژە زۆرەی زانیاریی دنیای ئەمڕۆی نییە، هەر بۆیە پەنابردنەبەر ئامێر/کۆمپیوتەر بۆ هاوکاریکردن لە پرۆسەی وەرگێران، کارێکی پێویستی بووە. بەڵام ئەم کارەش بێگرفت و بێکێشە نییە.

ئەم وەرگێرانە لە ڕێگەی ئامێری ئەلیکترۆنییەوە ئەنجامدەدرێت، زاراوەی وەرگێران ناوێکی پیوانەیی و لاساییکەرەوەیە، توێژەران لەسەری ڕێککەوتوون، ئەو سیستەمە کومپیوتەرانە بەرپرسن لەبەرهەمهێنانی وەرگێرانی دەقەکان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر ئەوەش ئەگەر بە هاوکاری مرۆڤ بێت، یاخود بە بێ مرۆڤ (عبدالله بن حمەد،2001، 9)، وەرگێرانی ئامێریی هەرچەندە یارمەتی مروڤ دەدات بۆئەوەی بەکەمترین کات هەر بابەتێکی بوێت لە ڕێگەی ئەم ئامێرەوە وەرگێرانی بۆ بکات و بە ئاسانی بەکاریبهێنێت. هەوڵدانێکی مرۆڤە بۆ فێربوونی زمانی دووەم، بەڵام ئەمجۆرە وەرگێرانە لە گیروگرفت بەدەر نییە، بە تایبەت بۆ زمانی کوردی بۆ نموونە: سیستەمی ڕیزبوونی وشەکانی هەموو زمانێک وەکو یەک نییە، واتا قاڵبەکانی پێکهاتنی ڕستەی زۆربەی زمانەکان جیاوازن، لە زمانی کوردیدا قاڵبی ڕستە بریتییە لە (s o v)، بەڵام بۆ زمانەکانی تر جیاوازە و گۆڕانکاری بەسەردا دێت. (ئەو تافانەی لە زمانێکدا هەیە مەرج نییە لە هەموو زمانێکدا وەکو یەک بێت، جێناوە کەسییەکان لە زماندا بە زۆری لە ڕستەدا لە جیاتی ناوی کەسێک، شوێنێک، شتێک، یان گیانلەبەرێک بەکاردێت، بەڵام گەرانەوەی جێناوەکان بۆ کەسێک، شوێنێک، شتێک، یان گیانلەبەرێک لە لایەن ئامێرەوە کارێکی دژوارە. هە ندێك وشە لە زماندا هەن ناتوانیت بە تەواوی وەرییگێریت و واتای تەواو بدات بەدەستەوە، وەکو (ئیدیەم، وشە فرە واتاکان، قسەی نەستەق،...هتد)، سەرەرای جیاوازی زمانەکان، کە ئەمە پەیوەندی بە جیاوازی کلتووری و فەرهەنگی میللەتانەوە هەیە، یەکێکی تر لەو گرفتانەی، کە لە وەرگێرانی ئامێریدا ڕووبەڕووی دەبینەوە بریتییە لە هەڵەی ڕێنووس)(ئاگرین شەوکەت،2016، 32).


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.2
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

بەشێوەیەکی گشتی ئەو وەرگێرانەی، کە مەبەستمانە وەرگێڕانی وشە بە وشە نییە، بەهۆی فەرهەنگێکی دوو زمانییەوە، بەڵکو مەبەست لە وەرگێڕانێکی پیشەییانەیە بە بەکارهێنانی ئامێری تایبەت، کە لە ئێستادا کۆمپیوتەر و ئامێرە ئەلیکترۆنییەکانە. لە ڕاستیدا لە وەرگێرانی دەربرینە ئازادەکانیشدا، ئامێر توشی گرفت دەبێت و چەندین کەموکورتی تێدا دەردەکەوێت، بۆ نمونە:

(بەهار نان دەخوات. .Spring eats bread)

لەم نموونەیەدا دەردەکەوێت، کە ئامێرەکە توانای پەیبردنی بە ناوی تایبەتی (بەهار) نییە و بە وەرزی ئەژمارکردووە، هەروەها چەندین گرفتی تر لە پەیوەندییە واتاییەکان وەک (هاوواتایی، فرەواتایی و هاوبێژی، لێڵی و...هتد).یان هەندێك گرفتی وەرگێڕانی ئامێریی لە وەرگێڕانی ئیدیەمدا بەدیدەکرێت، لەبەرئەوەی واتای ئیدیەم لە پێکهاتەکەیەوە بەدەست ناهێنرێت، پێشبینی دەکرێت زۆرترین گرفت لە وەرگێرانیدا هەبێت. سەرەرای ئەوەش زۆربەی ئیدیەمەکان تایبەتن بە زمانێکی دیاریکراوەوە، تەنانەت لە هەندێک زمانی پێشکەوتوودا، ئیدیەمەکان فەرهەنگی تایبەت بە خۆیان هەیە، وەک:(The Oxford Dictionary of Idiom). دۆزینەوەی هاوتای ئیدیەمێک لە زمانی ئامانجدا بە پێی ستراتیژیکی زانستی کارێکی ئاسان نییە. (دلێر قادر،2022، 81).

تەور و داس دەبارێت. It is raining axe and billhook.
مێش میوانی نییە. Mosquitoes are not guests.
ناردی بۆ کەوەر. Sent to cover.

**2/2) گرنگی فەرهەنگی ئەلیکترۆنی لە پرۆسەی فێربوونی زمانی دووەمدا**

مرۆڤ تەنیا بوونەوەرێکە ئەو توانا و لێهاتوویییەی هەیە، هێزی گەورەترین سیستەمی سروشتی ژیان ببێت، کە ئەویش زمانە. فێربوونی زمان بەهرەیەکی سروشتییە، مرۆڤ وەریدەگرێت. هەر وەک چۆن دەوترێت زمان بەهرەیە و فێربوونیشی هەر لەخۆوە بەهرەیەکی ترە.(ئاسۆ عبدالرحمن،2019، 9). زمان سیمایەکی مرۆڤایەتییە، مرۆڤ هەنگاو لەدوای هەنگاو بەبێ ئاگایی فێری دەبێت، ئەو توانایەش سروشتی بۆماوەییە، لەبەر ئەوەی توانایەکی زیرەکیی بەخۆی بەخشیوە، هەر تاکێك، کە لەهەرشوێنێک بێت، لە هەرکۆمەڵگەیەک بێت، ئەو توانایەیی تێدا دەردەکەوێت.

گۆرانکارییە تەکنەلۆژییە گەورەکان لە هەموو بوارەکانی ژیانی زانستیی، یان کۆمەڵایەتی، بە تایبەت لە بواری پەیوەندی و زانیاری لەسەر شێوازەکانی بەدەستهێنانی زانست، چۆنیەتی گواستنەوە لێیەوە بەشێوازی تەقلیدی و کلاسیک، تا مۆدێرن، کە بەرێگەی ئەلیکترۆنیی، مەودای بەکارهێنانی لەگەڵ بڵاوبوونەوەیدا فراوانتر بووە، ئامرازەکانی بەکارهێنانی ئەلیکترۆنی، لە کۆمپیوتەرەوە تا مۆبایلە زیرەکەکان، رێگەیان بۆ بەدەستهێنانی زمان و زانیاری لەرێگەی فەرهەنگ، خێراتر و ئاسانتر کردووە، ئەمەش وایکردووە خوێندکار یان توێژەر یان هەر توێژێکی کۆمەڵگا لە ئەمرۆدا دەستبەرداری هەموو شتێکبێت، کە قورسە پێداویستییەکانی بە شێوەیەکی ئاسان و خێرا بەدەست بهێنێت.

کاریگەرییە ئەرێنییەکانی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا هۆکاری زیادبوونی زۆری ژمارەی فێربوونی ئەلیکترۆنی و بەکارهێنەرانی کۆمپیوتەر بوو بە تایبەتی لە فێربوونی زمانەکاندا، بەکارهێنانی ئینتەرنێت لەپۆلەکانی زمانی ئینگلیزیدا پاڵنەرەکانی فێرخوازان زیاد دەکات و فێرخوازەکان بەرەو رووی بەکارهێنانی راستەقینەی زمان دەبنەوە(Abdulmutu Abdulwahed,2015,17).

فەرهەنگی ئەلیکترۆنی لە پرۆسەی فێربوونی زماندا گرنگی زۆری هەیە، بەکارهێنانی فەرهەنگی ئەلیکترۆنی هاندەری فێربوونی چالاکانەی زمانە و توانای تێگەیشتن و بەکارهێنانی زمان بەهێزدەکات. کاتێک فێرخواز بەردەوام فەرهەنگ بەکاردەهێنێت، خەزێنەی وشەکانی فراوانتر دەبێت و ئارەزووی بەکارهێنانی زمان(زمانی دووەم) زیاتر دەبێت.

فەرهەنگی ئەلیکترۆنی پردێکە لە نێوان فێربوونی فەرمی و نافەرمی. لەناو پۆل و دەرەوەی پۆلیش دەکرێت بەکاربهێنرێت، بۆیە فێربوونی زمان دەکاتە پرۆسەیەکی بەردەوام و بێ پچران.

هەروەها، فەرهەنگی ئەلیکترۆنی یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن لە لایەنە کلتوورییەکانی زمان. لەرێگەی نموونە و ڕونکردنەوەکانەوە، فێرخواز دەتوانێت تێبگات چۆن وشەکان لە دەربڕینی جیاوازدا بەکاردەهێنرێن و چۆن بە شێوەیەکی گونجاو بەکاریان بهێنێت. فەرهەنگی ئەلیکترۆنی متمانەبەخۆبوون لای فێرخواز دروست دەکات. کاتێک فێرخواز دەتوانێت بە خێرایی و بە شێوەیەکی سەربەخۆ کێشەکانی زمانەوانی چارەسەر بکات، هەستی سەرکەوتن و توانا لای دروست دەبێت، کە پاڵنەری بەردەوامبوونە لە فێربوونی زماندا. بێگومان مەبەستمان لە فێربوونی زمان، جوتزمانی، زمانی دووەم و سێیەم......هتد.ئەم

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.2
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (9) – العدد(2)، كانون الأول 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

فەرهەنگانە فێربوونی زمان دەکەنە ئەزموونێکی گشتگیر، کە لەگەڵ پێداویستی و ئارەزووی فێرخوازان بەکارهێنەرانیدا دەگونجێت.نمونەی فەرهەنگی ئەلیکترۆنی دەبینرێت لەنێو زمانی کوردیدا، کە تایبەتمەندی زۆر گرنگیان هەیە لەڕووی دەربڕینی دەنگی و شێوازی خوێندنەوەی وشە و ڕستەی زمانی بێگانە.نمونەی ئەو جۆرە فەرهەنگە وەکو: (**Rebin Dictionary**)، لەلایەن (ڕێبین علی)، لەساڵی (٢٠١٨)دانراوە، لەساڵی (٢٠٢٠) نوێکراوەتەوە، کە نزیکەی (٨٠)هەزار وشە و ڕستە و نزیکەی(١٠٠)گفتوگۆ، لەنێوان زمانەکانی (ئینگلیزی، کوردی، عەرەبی، فارسی، تورکی)تێدایە، خوێندنەوەی وشەکان بە هەردوو شێوازی ئەمریکی و بەریتانی.دەتوانی کامێرەی مۆبایلەکەت بەکاربهێنیت بۆ گەڕان بە دوای وشە ئینگلیزیەکان بە شێوەیەکی زۆر خێرا. بەڕێنووسی عەرەبییە، تۆماری دەربڕینی دەنگی هەیە، شێوازی خوێندنەوەی نووسراوە، بێ وێنەیە، دەبێت (٣٠٠٠)دینار بۆ بنێرین بۆ کاراکردن، ئۆفلاینە.فەرهەنگێکی چەند زمانییەو یارمەتی فێرخوازان دەدات لەم ڕێگەیەوە بەکارهێنەر فێری زمانی دووەم، جوتزمانی ببێت.

"جووتزمانی وەکو چەمک و زاراوە، ڕاستییەکی سەرەکی ژیانی ئەمڕۆی جیهان پێکدەهێنێت و دیاردەیەکی دەگمەن نییە".(ئاشتی ئەحمەد،2022، 70).وەکو زاراوەش جووتزمانی لە وشەی جووتزمان(Bilingual)وەرگیراوە زاراوەیەکی لاتینییە لە پێشگری(Bi) پێکدێت بە واتای (دوو) (Lingual)بەواتای زمان دێت.(سەرچاوەی پێشوو). جووتزمانی پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە بلۆمفیلد پێیوایە: (جووتزمانی بوونی دوو زمانی جیاوازە لای تاک)، بلۆمفیلد دیاردەی جووتزمانی تەنها بە تاک دەبەستێتەوە باسی کۆمەڵگە ناکات.

قسەکەری جووتزمان مەبەست لەو کەسانەیە، کە بەدەر لە زمانی یەکەمیان زمانێکی دیکەش دەزانن و دەسەڵاتیان دەشکێتەوە بەسەریدا، بەواتایەکی تر ئەو کەسانە دەگرێتەوە، کە توانای ئاخاوتن و تێگەیشتنیان بە دوو زمانی جیاواز هەیە ئەو زمانەی، کە کەسێک دوای وەرگرتنی زمانی یەکەم فێری دەبێت پێی دەوترێت زمانی دووەم.(کاروان جومعە،هەژار حسێن،2020، 99). واتە بە کەسێك دەوترێت جگە لە زمانی دایکیی زمانێك یان چەند زمانێك بزانێت و شارەزای زمانەکەبێت.

جووتزمانی دیاردەیەکی نوێ نییە لە مێژووی زمانەوانیدا هەمیشە لە ئارادا بووە کاریگەریشی لەسەر زمانی یەکەمی کۆمەڵگا جێهێشتووە لە هەندێك باردا جووتزمانی هۆکاری ناتەبایی و ئاژاوەکان بووە لەناو کۆمەڵەزمانییەکان، لەبەر ئەوەی زمانی جیاواز واتای کلتووری جیاواز و هزری جیاواز دەگەیەنێت. ئەو هۆکارانەی لە مێژووی زمانەوانیدا وەک هۆکاری کاریگەر لە دروستکردنی جووتزمانی دیاری کراون دەکرێت لەمانەی خوارەوەدا کورت بکرێنەوە، وەك:

1-کۆچ و کۆچی بە کۆمەڵ
2-داگیرکردن و دەست بە سەرداگرتن
3-ژن و ژن خوازی
4-بیر و باوەڕ و ئایین
5جیهانگیری و ئابووری و ڕۆشنبیری، خوێندن.....هتد.(شیلان عثمان،2017، 5). کەواتە دەگەین بەو ڕاستییەی، کە فەرهەنگ ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت لە فێربوونی زمانی دووەمدا. تاك بە شێوەیەکی ئاسایی سوود لەم جۆرانەی فەرهەنگ وەردەگرێت.

لە هەموو بوارەکانی لێکۆڵینەوەی زانستیدا فەرهەنگی ئەلیکترۆنی گرنگییەکی زۆری هەیە بەتایبەت لە بوارە پەروەردەیی و زانستییەکاندا، چونکە دەتوانرێت بە ئاسانترین شێوە و بە کەمترین تێچوون، کەمترین کات، بە پێچەوانەی فەرهەنگی نووسراو سوودی لێ ببینرێت و فێری زمانەکانی بێگانە ببین.

بەپێی ئەو ڕاپرسییەی، کە توێژەران لە نێو خوێندکارانی بەشی ئینگلیزی زانکۆی چەرموودا ئەنجامیانداوە، کە ڕاپرسییەکە بەشێوەی پرسیار ئاراستەی خوێندکار کراوە، دەرکەوتووە، کە خوێندکاران لە ڕێگەی فەرهەنگی ئەلیکترۆنییەوە فێری زمانی تر بوون، کە بەمشێوەیە پرسیار ئاراستەی خوێندکار کراوە.

**-لە ئێستادا هیچ فەرهەنگێکی ئەلیکترۆنی بەکاردەهێنیت؟**


کۆی گشتی ژمارەی خوێندکاران (90)خوێندکار لە پرسیارنامەیدا بەشداربوون، (73) خوێندکار بژاردەی (بەڵێ)، یان هەڵبژاردووە و (17) خوێندکار بژاردەی (نەخێر)،یان هەڵبژاردووە.

بەڵێ: 73 خوێندکار 81.11% (نزیکەی 81%)
نەخێر: 17 خوێندکار 18.89% (نزیکەی 19%)


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.2
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (9) – العدد (2)، كانون الأول 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

ڕێژەی (81%) فەرهەنگی ئەلیکترۆنی بەکاردەهێنن، کە ئەمە نیشاندەری پەرەسەندنی بەرفراوانی فەرهەنگی ئەلیکترۆنی لە نێو خوێندکاراندا نیشاندەدات(19%) بەکاریناهێنن، کە کەمینەیەکی بچووکە.فەرهەنگی ئەلیکترۆنی لە نێو خوێندکاراندا بەڕێژەیەکی زۆر بەکاردێت، کە پێشبینی دەکرێت بەهۆی ئاسانی بەکارهێنان، خێرایی، یان دەستپێگەیشتنی ئەلیکترۆنی بێت(19%)، کە بەکاری ناهێنن لەکۆی(17)خوێندکار.




**-بەهۆی فەرهەنگی ئەلیکترۆنییەوە فێری کام لەم زمانانە بوویت،** ڕێگە بە خوێندکاران دراوە زیاتر لە یەک بژاردە هەڵبژێرن: لەم پرسیارەدا ژمارەی بەشداربووان بریتی بوون لە (73) خوێندکار.

زمانی ئینگلیزی (64%) زۆرترین زمانە، کە خوێندکاران بەهۆی فەرهەنگی ئەلیکترۆنییەوە فێریبوون، کە ڕەنگە بەهۆی پەرەسەندنی فەرهەنگەکان بۆ ئینگلیزی، گرنگی زمانی ئینگلیزی لە خوێندنی زانستیی، یان دەستپێگەیشتنی زۆری بێت. کەواتە فەرهەنگی ئەلیکترۆنی ڕۆڵی هەبووە لە فێربوونی زمانی بێگانەدا.


هیچ زمانێک دیاری نەکراوە بەڕێژەی(33%) ژمارەیەکی زۆرە، کە ئەمە نیشاندەری ئەوەیە بەشێکی زۆر لە خوێندکاران فەرهەنگی ئەلیکترۆنی تەنها بۆ پێداویستییەکانی دیکە (وەک دۆزینەوەی واتا یان وشە) بەکاردەهێنن.

زمانی عەرەبی (12%) و زمانی تر (8%) دووەم و سێیەم زمانەکانن، ڕەنگە پەیوەندی بە نزیکییە کلتوورییەکان یان پێداویستییە زانستییەکانەوە هەبێت.

زمانی فارسی (7%) و تورکی (4%) کەمترن، کە ڕەنگە نیشانەی کەمی دەستپێگەیشتن بە فەرهەنگەکان بۆ ئەم زمانانە یان کەمی پێویستی بێت.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.2
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (9) – العدد(2)، كانون الأول 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)




بەپێی زۆربەی ئەو لێکۆڵینەوانەی، کە لێکۆڵەرانی ئەوروپی و عەرەبی....هتد، لە نێو فێرخوازان و سەرجەم بەکارهێنەرانی فەرهەنگە ئەلیکترۆنییەکاندا ئەنجامیانداوە سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن، کە زۆربەی فەرهەنگە ئەلیکترۆنییەکان هۆکارێکی سەرەکی و یارمەتیدەرن بۆ فێربوونی زمانی بێگانە،(زمانی دووەم و سێیەم.....هتد).

**ئەنجام**

1-فەرهەنگی نووسراو بریتییە لە سەرچاوەیەکی بنەڕەتیی، کە وشەکان، دەستەواژەکان و زاراوەکانی زمانێک یان چەند زمانێک بە شێوەیەکی ڕێکخراو (زۆربەی جار بە ڕیزبەندی ئەلفبێی) لەخۆدەگرێت، لەگەڵ پێناسە، واتا، دەربڕین، زانیاری ڕێزمانی و بەکارهێنانیان. ئەم جۆرە فەرهەنگە لەسەر کاغەز چاپکراوە و بە درێژایی سەدان ساڵ سەرچاوەی سەرەکی زانیاریی زمان بووە.

2-فەرهەنگی ئەلیکترۆنی بریتییە لە سەرچاوەیەکی دیجیتاڵی، کە زۆربەیان هەمان زانیاری فەرهەنگی نووسراوی تێدایە، بەڵام لە فۆرماتێکی دیجیتاڵیدا بەردەستە، وەک ئەپلیکەیشن، وێبسایت، یان سۆفتوێر، کە دەتوانرێت لەسەر ئامێرە جیاوازەکان، وەك (مۆبایل، تابلێت، کۆمپیوتەر....هتد) بەکاربهێنرێت. فەرهەنگی ئەلیکترۆنی خاوەنی چەندین تایبەتمەندی پێشکەوتووە، کە لە فەرهەنگی نووسراودا بەردەست نین.

3-لەڕووی بەکارهێنانەوە فەرهەنگە ئەلیکترۆنییەکان لە ئێستادا لە فەرهەنگە نووسراوەکان بەکارهێنانیان زیاترە، بەپێی ئەو ڕاپرسییەیی، کە لەم توێژینەوەدا ئەنجامدراوە لەکۆی(90) خوێندکار(73)خوێندکار فەرهەنگی ئەلیکترۆنی بەکاردەهێنن، (17)خوێندکار بەکاریناهێنن، بەڵام لە ڕووی زانیارییەوە فەرهەنگە نووسراوەکان دەوڵەمەندترن.

4-فەرهەنگی ئەلیکترۆنی کاریگەرییەکی گەورەی لە بوارەکانی وەرگێران و فێربوونی زماندا هەیە، هەرچەندە هێشتا هەندێک کەموکورتی هەن، وەکو پشتبەستن بە تەکنەلۆژیا و کێشەی ئینتەرنێت، یان وەرگێرانی هەڵە لەلایەن فەرهەنگ و ئامێرە ئەلیکترۆنییەکانەوە، بەڵام بە گشتی سوودەکانی زۆر زیاترن لە کەموکورتییەکان.

5-بە پێی ئەو ڕاپرسییەیی، کە لەم توێژینەوەیەدا ئەنجامدراوە زۆربەی فەرهەنگە ئەلیکترۆنییەکان هۆکارێکی سەرەکی و یارمەتیدەرن بۆ فێربوونی زمانی بێگانە،(زمانی دووەم و سێیەم.....هتد)، خوێندکاران ڕایانگەیاندووە، کە لە ڕێگەی فەرهەنگی ئەلیکترۆنییەوە فێری زمانی دووەم بوون.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.2
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (9) – العدد (2)، كانون الأول 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**لیستی سەرچاوەکان**

**بە زمانی کوردی**

1-ئاگرین شەوکەت هادی قادر (2016)، وەرگێران بۆ سەر زمانی کوردی لە باشووری کوردستان(1970-1974) نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
2-ئاسۆ عبدالرحمن کریم (2019)، ستراتیژە کۆزمانەوانییەکان لە فێربوونی زمانی دووەمدا، نامەی دکتورا، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانیی.
3-ئاشتی ئەحمەد حەسەن (2022)، ئاریشەکانی پەروەردەی جوتزمانی لەپرۆسەی فێرکردندا(بازنەی یەکی خوێندن بەنمونە) نامەی ماستەر، زانکۆی گەرمیان.
4-پەروین عوسمان عەلاف (2009)، واتاو وەرگێران، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر .
5-محەمەدی مەحویی (٢٠١٠)، مۆرفۆلۆژیی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان، بەرگی یەکهەم، زانکۆی سلێمانی، بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی لەریا، سلێمانی.
6-دلێر قادر عەبدوڵا (2022)، گرفتە واتاییەکانی وەرگێرانی ئامێری، نامەی ماستەر، بەشی زمانی کوردی، کولێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی.
7-سۆزان سەعدوڵڵا عەبدولغەنی (2019)، وەرگرتن و بەکارهێنانی زاراوە لە ئاخاوتن و نووسیندا.نامەی دکتورا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانیی.
8-شنە أبوبكر أحمد (2023)، ڕوانگەی بەکارهێنەر لە فەرهەنگی دووزمانیی کوردیدا، نامەی دکتورا، فاکەڵتی ئاداب، زانکۆی سۆران.
9-شیلان عثمان عبدالرحمن (2017)، جوتزمانی و کاریگەری زمانی دووەم لەسەر زمانی دایك، گۆڤاری زانکۆی سەلاحەدین/هەولێر، لا 1-26 .
10-عسمان کەریم عەبدولڕەحیم (2014)، وشەی زمانی کوردی و ڕێگاکانی دەوڵەمەندکردنی، نامەی ماستەر، بەشی زمانی کوردی، فاکەڵتی ئاداب، کولێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.
11-کاروان جومعە ڕەحیم، هەژار حسێن والی (2020)، جوتزمانی و ناسنامەی کۆمەڵایەتی، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، (7) (1) لا 98-107 .

**بە زمانی عەرەبی**

12-أبو جمال قطب الإسلام نعماني (2006)، الترجمة: ضرورة حضارية،الجامعة الإسلامية العالمية شيتاغونغ، ص 185-198 .
13-ايڤا لتيفه فوزيه، نورى نوروال لتيفه (2020)، استخدام المعاجم العربية الإلكترونية كمصدر تعلم اللغة العربية،المجلة تاليم العربية، 4 (2) ص 228-245.
14-أحمد موهوب (2022)، أهمية المعجم المدرسى الالكترونى في ظل وجود معجم مدرسى ورقي وأثرهما في العملية التعليمية،مجلة رفوف،جامعه أدرار، الجزائر، المجلد(10)العدد(2)ص(697-708).
15-دريسى شيماء، عيشور خديجه (2023)، المعجم الرقمى الموجة للتلاميذ الابتدائي في ظل المتوجهات الجديدة للطرائق التدريس، اطروحه ماستر، جامعه أكلي محمد أولحاج، الجزائر.
16-رادية حجبار (2014)، الألفاظ الحظارية وخصائص توليدها في المعجم العربي الأساسي، اطروحه ماستر، كلية الآداب واللغات، قسم اللغة العربية وآدابها، جامعة مولود معمري.
17-روفية زارزي (2023)، الأدب التربوي حول المعجم الإلكتروني، مجلة البحوث التربوية والتعليمية، المجلد (12) العدد( 01) ص 627-648.
18-عبدالله بن حمد الحميدان (2001)، مقدمة في الترجمة الالية، الطبعة الاول، الناشر مكتبة العبيكان، الرياض.
19-عبدالمجيد بن حمادو (2011)، المعجم العربى الالكتروني:أهمية وطرق بنائه، جامعه صفاقس، تونس.
20-عمرو محمد فرج (2011)، الترجمة الالية مفهومها- مناهجها نماذج تطبيقية في اللغة العربيةمجلة كلية دار العلوم، المجلد(26) عدد 1ص 893-937 القاهرة .
21-عبدو خيرة (2015)، معمارية المعجم العربي الالكترونية، اطروحه ماستر، جامعة عبدالحميد باديس_مستغانم.
22-عبدالنبي زاكر (2003)، ترجمة الالة و مراجعة الانسان، مجلة المترجم, العدد (7) .

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.2
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (9) – العدد(2)، كانون الأول 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

23-عبدالمجيد نصير (2018)، الترجمة الآلية،جامعة العلوم والتكنولوجيا الأردنية، ص 179-224 .

24-فضيلة دقناتي، (٢٠٢٢)، واقع المعجم العربي الالكترونية، ملاحظات: معجم الغني و معجم اللغة العربية المعاصرة، مجلهالبحوث التربوية والتعليمية، مجلة:١١.

25-كويحل جمال (2018)، القاموس الورقي والقاموس الالكتروني إيجابيات وسلبيات، مجلة وحدة البحث في تنمية الموارد البشرية المجلد 9 العدد4،ص 129-147.

26-محمد فهام،منى محمد (2021)، المناهج المستعملة في صناعة المعاجم العربية الإلكترونية، مجلة الدراسات اللغوية والأدبية، Islamic University Malaysia المجلد (2) العدد(12) ص 50-74.

27-مليكه مهرهرة (2023)، المعجم العربى الالكتروني بين حقيقه الوجود وقيمه الموجود، مجلة التعليمى، جامعه محمد الصديق بن يحي، جيجل، الجزائر، المجلد(13) العدد(1) ص204-221 .

28-محمود قدوم (2023)، أثر توظيف المعاجم اللغوية الالكترونية في تعليم اللغة العربية في الجامعات التركية المؤتمر الدولى التاسع اللغة العربية، المجلس الدولى اللغة العربية.

29-ميمونه سمسورى،سيتى أسيا مزلان (2023)، فعالية استخدام المعاجم الإلكترونية في تعليم العربية لغير الناطقين بغيرها في اكتشاف الألفاظ والمفردات اللغوية، وقائع المؤتمر الدولي لتعلم اللغة العربية أليكو، المجلد(1) العدد(26) ص 34-52.

30-يسرى وعلان (2023)، المعاجم الالكترونية و دورها في اثراء الحصيلة اللغوية معجم اللغة العربية المعاصرة لأحمد مختار عمر أنموذجا اطروحه الماستر، كلية الاداب واللغات، قسم الغة ولأدب العربى، جامعه الدكتور يحى فارس-المدية.

**به زمانی ئینگلیزی**

31-Abdulmu'ty Abdulwah'ed Jwailes (2015), This Thesis is Submitted in Partial Fulfillment of the Requirements for the Degree of Master of Applied Linguistics and the Teaching of English, Faculty of Graduate Studies & Academic Research, Master Thesis, Faculty of Graduate Studies, Hebron University.

32-Hafiza Adha Nisa. (2022) Comparison the use of Electronic dictionary and printed dictionary and their effects on writing skill. UNIVERSITAS ISLAM NEGERI AR-RANIRY BANDA ACEH.

33-Ghazala, Hasan. (2006) Translation as Problems and Solutions, Seventh Edition, Dar wa Maktabat Al-Hilal, Beirut.

34-Abduraxmanova Zilola Yakubjanovna (2022), ELECTRONIC DICTIONARY BUSINESS PROCESS MODELING: AN EXAMPLE OF ALISHERNAVOI'S ANNOTATED DICTIONARY, International Journal of Advanced Research in IT and Engineering, ISSN: 2278-6244.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.2
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)